# کوردستان نێت هاوکارە بۆ دروستکردنی ئاژاوەی هونەریە... دڵدار کۆیی

سەرەتا وەڵامەکەم بۆ کوردستان نێت و ئەم جۆرە کەسانەیە کە گووڵ نین ناچارن خۆیان بکەن بە درك!!!! دیارە ئەگەر قسەیەکی گووتراو نەبێ هەر کەسەو جۆرێك رق و کینە و خۆشەویستی هەیە، ئایا بەرامبەر کێ هەڵیدرێژێت ئەوە دەگەرێتەوە سەر ئەو کاتەی کە بورکانی دەتەقێتەوە. لێرە پرسیار ئەوەیە ئەگەر من حەز بە کەسێك نەکەم دەبێت هەموو جیهان بیزانێت؟؟؟ یان ئەگەر کەسێك مرۆڤێکی دیار بێت یان ئەگەر مرۆڤەکە هەڵەی تایبەت بە خۆێ هەبێ مەرجە من رێزی بشکێنم؟ بۆچی خۆی سوود لە هەڵەکانی خۆی وەرنەگرێت؟ یەکێك لە هەرە مافە جوانەکانی مرۆڤ ئازادی دەربرینە بەڵام لە خودا بەزیاد بێ ئێمە نازانین بەکاری بهێنین! وە نازانین مانای چیە. چونکە ووتەیەکی زۆر جوانە کە دەڵێن (کورد هەردەم رقی لە خۆیەتی) وە دیارە کوردستان نێت یەکێکە لەو مینبەرانەی کە هەموو خەڵك دەتوانێت بۆچوونی خۆی تیادا پیشان بدات، بەڵام لە کاتێکدا ئێمە ئەتوانین بڵێین ئازادی دەربرین مافێکی جوانە! کە بتوانین یاسا و مافی خەڵك پێشێل نەکەین. دەیان جار ئێمە بینەر و خوێنەری ئەوەین کە کەسانێك هەن حەز بە خۆشیان ناکەن نەك هەر بە خەڵکی تر وە بە هەوەستی خۆیان و زانیاریان شت دەنوسن!!... جا ئەگەر لە باسەکەم دوور نەکەومەوە و کورتەی باسەکەم ئەوەیە کوردستان نێت لەم ماوەیەی دوای بووەتە کۆگای هەندێك کەس کە بێجگە لە قسەی بێمانا هیچی تریان پێ نیە لەگەڵ ئەوپەری رێزم بۆ کەسانی تر کە بابەتی دوور لە باسەکەی من دەنووسن بەڵام هەموو خەڵك ئەو کەسانە دەناسێت کە جۆرێك لە گێرە شێوێنی دروست دەکەن و وە کوردستان نێت یش هاوکاریان دەکات... !!

هەر دەمگووت من دەخوێنمەوە بەڵام نانوسم چونکە ئاستی نوسینم زۆر نزمە بەڵام کە هەندێك کەسم دیت کە شت دەنووسن خۆم زۆر پێ سەرکەوتوترە وە جەماوەری خۆم زۆر زیاتر دەبێت لەم کەسانە ئەگەر شت بنوسم. وە هەر دەمگووت من دەست و پەنجەم بە ووشەی پوچ پیس ناکەم بەڵام کوردستان نێت و ئەو جۆرەکەسانە وایان لێ کردم کە منیش بێمە یاریگای بەربەرێکانی بۆ ئەوەی ئەو جۆرە کەسانە هەست نەکەن کە خەڵك وەڵامی نیە یان خەڵك توانای سوورکردنەوەی ئەو جۆرە قسە پوچانەی نیە!!!

دیارە باسەکەم بە کەسێك دەتەقێتەوە کە ئەویش (ستیڤان شەمزینی) ە.

زەکەریا هێندە باسکرا کەس نیە کە لە پێداهەڵگووتن و قسەی دژ بە یەکتری لەسەر ئەم هونەرمەندە بێ زار نەبوبێ! وە من زۆرجار بیرم لەوە دەکردەوە کە بۆچی هونەرمەند بەرگری لە خۆی ناکات؟ بۆچی کەسێك وەڵامی خەڵك بداتەوە لە شوێن هونەرمەند؟ وە دەمگووت ئەوەی کە من نەیکەم دەبێ ئەوەبێ وەڵامی کەسێك بدەمەوە لە شوێن کەسێکی تر. بەڵام ئەم جارەیان منیش هاتمە قەناعەت کە خەڵك نا حەق نین کە لە سەر ئەم هونەرمەندە وەڵامدارن. وە ئەمەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە قسەی دژ بەم هونەرمەندە نەبێ لەم وێب سایتە دیار ناکەوێت؟؟؟؟ وە وەك من دەیبینم وەڵامەکان هەر لە وێب سایتەکانی تر بەر چاو دەکەون ئاخۆ دەبێ کەس وەڵامەکانیان بۆ کوردستان نێت نەنێرن یان پەندەکەیە کە دەڵێن (تۆ بە دەفی ئێمە ناکوتی نانت پێ نادەین) ... ؟؟؟؟

من یەکێکم لەو کەسانەی کە بەش بەحاڵێ خۆم منیش گلیی تایبەتم لەم هونەرمەندە هەیە بەڵام سەیر لەوەدایە لە کوردستان نێت نەبێت کەس سەرقاڵی ئەم شتە بێ بایەخانە نیە!! وە کەسی شاز نەبێت ئەم جۆرە شتانە نانووسن!! وە لە هەمان کاتدا شانازی بە وێنەکانیان دەکەن کە لەگەڵ نوسینەکانیان دەنێرن و بە شێوازی زۆر مەترسیدار ڕادەوەستن کە مانای ئەوە دەدات منیش هەم و

کتێبخانەم هەیە و منیش دەخوێنمەوە!! ئەم جارەشیان یەکێك لەو کەسانەی کە زۆر بە قسەی ناشایستەو بێ مانا هاتۆتە باسی ئەم هونەرمەندە (ستیڤان شەمزینیە) !!! کاك ستیڤان ئەوەی خۆت پێیەوە ماندوو کردوە دەتوانی لە ماڵی خۆت تێر سەیری بکەیت نەك دەروونی خەڵکی پێ بریندار بکەیت و وەڵامی شایستەش بۆ خۆت پەیدا بکەیت و وەك عەرەب دەڵێت بە زۆر (عەرزی عەزەلاتت) بکەیت..

سەرەتا ئەوەی سەیرە ڕەخنە لەم هونەرمەندە دەگریی کە مۆڵکی کوردی پێوەنەماوە و دوو پەندی کوردیشت پێ نیە کە بینوسی هەر نازانم نازك مەلائیکە وا دەڵێت و جیزیل ـیرۆلی وا دەڵێت و فلانە کەس وا دەڵێت، ، ، ، ، ... هتد!!! برای بەڕێزم ئەوەی کە ئێستا گەنجی کورد گاڵتەی پێ دەکات نوسینێکی لەم جۆرەیە ئەوەی کە خەڵك توانای خوێندنەوەی نیە ئەم جۆرە ڕەخنە بێ مانایانەن!! وە ئەوەی کە خۆت پێیەوە ماندوو کردووە ئەمە بیرو بۆچونی خۆتە بە زۆر میەسەپێنە بە سەر کەسی تر و بە تایبەت گەنج کە مرۆڤێکی خۆشباوەڕە. بەڵام ئەوەش بزانە کە گەنجی کورد لەم سەردەمە زۆر لەمە وریاترن لەوەی کە بە نوسین و ووتە کۆنەپەرست و کرچ و کاڵەکانی تۆ ئاراستەیان بگۆڕن! چونکە باوی ئەمە مرد کە وەك تۆ دەڵێیت فۆلکلۆری ڕەسەنی کوردی توانای داهێنانی هەیەو نازانم هەندێك قسەی لەم جۆرە؟؟!!!!! چونکە فۆلکلۆر شتێکە هەرچەند دووبارەی بکەیتەوە هەر هەمان ئاوە هەڵدێنجیت لە کانی و لە ناو کانیەکی دەکەیتەوە!!!!!! ڕاستە فۆلکلۆر مۆرکی میللەتە ڕاستە فۆلکلۆر ڕەمزی گەلە بەڵام نەك فۆلکلۆری خۆت بپەرستی!!!

وە ئەوەی کە ئێوە مەبەستانە کە هونەرمەندان نەچن بۆ تورکیا ئەوە بە بۆچونی تۆ باشە کە نەچن!! بەڵام هەموو هونەرمەندێك عەدنان کەریم نیە کە بە دۆر و تەپڵەی لێوەنەکەی کامکاران سێ دێ بەرهەم بێنن!!! چونکە ئەوەی کە میللەتان هەر گوێی پێ نادەن ئەمەیە کە تۆ مەبەستە!! برای شرینم تۆ وەك لە نوسینەکەت دیارە هەر گوێ لە هونەر و فۆلکلۆری خۆت ناگریت لەبەر (داریوش و مایکل جاکسۆن و، ، ، ، ، .... هتد) چونکە ئەگەر زەکەریا بچێت بۆ تورکیا کازم ساهرو دەیانی وەکو ئەوان ئەلبووم لە تورکیا چاك دەکەن کەچی هەتا ئێستا کەسێك نەهات ڕەخنە بڵێ کازم ساهر هونەری عەرەبی فرۆشت من بێ گوومانم ئەم هەواڵەی کازم ساهیرت هەر نەزانیبوو کە لە تورکیا کار دەکات ئەگەر دیمانەکەی (کاك قار ئەسعەد و ڕەوەز دەرگەلەیی) یت نەخوێنبایەوە چونکە کەس لە عەرەب هونەرمەندی خۆی ناشکێنێت تا بێ خەبەرێکی وەك تۆ بزانێت!!!!!؟؟؟؟

ئەگەر ئەو مەوهیبەیەت پێ نادۆزرێتەوە لە ئەلبوومەکانی زەکەریا؟؟؟؟ دونیای ئەمڕۆ زۆر ئازادە کەس ناتوانێ نە زۆری لە تۆ بکات نە لە کوردستان نێت یش وە من لەو باوەرە نیم کە کەسێکی وەکو تۆ بتوانێ مەوهیبە لە دیدی جوان بدۆزیتەوە وە لەوانەیە کە نەزانی خۆشی لە هونەری جوان لە کوێیە چونکە نوسین ئاوێنەی دڵە!!! هەرچەند من لە نوسینەکەت ورد بومەوە هیچ واتایەکی برایانەو کوردانەی تیا نەبوو!! وە من دڵنیام ئەوەی کە زەکەریا و جەماوەرەکەی چاوەڕێی ناکان ئەوەیە کە تۆ ئەو مەوهیبەیە دەدۆزیتەوە یان نە!!!!

ئەگەر تۆ بڵێت من زەکەریا بە کورد نازانم چونکە بەس هۆنراوەکانی کوردین!! وەڵا بەبێ گوومان ئێمەش تۆ بە کورد نازانین چونکە تۆش بەس ووشە و نوسینەکەت کوردیە و هیچی تر!!! چونکە کەسم نەدیوە لە کورد مەگەر کاك ئاسۆ و کاك ئەردەلان کە وەکو تۆ بەم قسە بێتامانە بکەونە زەمی هیچ هونەرمەندێك لە کوردستان ئاژاوە (کوردستان نێت) .

ئەوەی کە سەیرترین شتە بەلامەوە ئەوەیە کە دەیان هونەرمەندی تر دەچن بۆ تورکیا کەس دەنگی لێ وە نایەت بەرامبەریان! بەڵام زەکەیا باشترین جەماوەری لە گۆڕەپانی هونەری کوردی هەیە، دڵکرمیەکی وەکو جەنابت دەبێت هەر هەبێت بۆ قسەی نەشیاو نەبیستراو بەڵام لە هەمان کاتیشدا تۆش ناحەق نیت چونکە ماڵپەرێك بابەتەکانت بڵاو دەکاتەوە کە زۆر لە خۆت ئاژاوەچیترە لەم سەردەمە!!!

وە چاك ئەمە بزانن کە کەس ئەم هەولانەی ئێوە بە خزمەتکردن نازانێت بێجگە لەو کەسانەی کە بە دەفی ئێوە دەکوتن. وە ئێوەش جۆرێکن لە تیرۆر و ڤایرۆس بۆ هونەرمەندان جا واز لەم کارە بێ بایەخانە بێنن باشترە وە خۆتان بە نوسینی سیاسییەوە خەریك بکەن زۆر باشترە چونکە کورد لە حاڵی حازردا پێویستی بە سیاسەتمەدار هەیە نەك بێ کار و چاو تەنگ!!!!!؟؟؟؟؟
وە لە باسەکەدا دیارە بەردێك لە نوسەرانی تر دەدەیت کە دەڵێی بە مەدح و سەدا بۆ کەسێکی وەکو زەکەریا خۆیان فێرە نوسین دەکەن!!؟؟؟ ئەو کەسانەی کە شت دەنوسن لە ماڵپەڕەکانی تر زۆر لە کەسێکی وەکو تۆ خاوەن زانیاری ترن بەڵام کە نوسینەکانیان سادە و ساکار دەنوسن خۆیان بە کورد دەزانن خۆشەویستی خوڵقاوە لە ناخیان وە بۆ ئەوەی گەنج و منداڵ و پیر و قیزك لە نوسینەکانیان تێ بگەن وە لەلایەکی تریش وەڵامیش وەکو پرسیار دەبێت!
لەگەڵ ڕێزی براتان دڵدار کۆیی

Dildar_koyi@hotmail. com